# "ئەو ئاسایشەی  کە تا دوێنی بەگولله وەڵامی خۆپیشاندانو نارەزایەتیيه بەرحەقەکانی خەڵکی بۆ کارەباو سوتەمەنی ئەدایەوە، ئەمڕۆ پارێزگاری له خۆپیشاندانو شمشیر هەڵکێشانو هەڕەشەو گورەشەی ئیسلامی یەکان دەکات دژ بە مەریوان هەلەبجەیی"

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار عارف

## سازدانی خەسرەو سایە

**خ.سایە:  هاوری ڕیبوار عارف، چەند ڕۆژێ دەبێت ئێوە کەمپینێکتان بۆداکۆکیکردن له گیانی مەریوان هەلەبجەیی نوسەری کتیبی "سیکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا" ڕاگەیاندووە، دوایین هەوالەکانی ئەم مەسەلەیە بەکوێ گەیشتووە؟**

ڕێبوار عارف: ئەم پرسیارە چەند لایەنی جیاواز لەخۆ دەگرێ، من هەول دەدەم کە لە دوو تا سێ خالی سەرەکیدا وەلامیان بدمەوە. بەرلەهەرشتێك ئەوە بلێم کە ڕووداوەکان بەخێراییەکی باوەڕنەکراو لەگۆڕاندان، حزبو لایەنە ئیسلامی یەکان لە خۆکۆکردنەوەیەکی یەکجار گەورەو مەترسیدارانو لە پشت کتیبەکەی مەریوان هەلەبجەیی یەوە خەریکی خۆرێکخستنن بۆ هێرش کردنە سەر هەموو ماف وئازادیەکانی خەلکی کوردستان وبە تایبەت لە تەقەلایەکی کەم وێنەدان بۆ قەدەغە کردنی ئازادی بیروڕادەربڕینو ئازادی بەیانو ڕەخنەگرتن. بەبڕوای من ئەوان لە پشت کۆدی مەریوانەکانەوە دەیانەوی بە گشتی پاشەکشە بە ئازادی بیروڕادەبڕین بکەنو کەژو هەوایەك بخولقێنن تا هیچ کەس ڕێگە بەخۆی نەدات باس لە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی بکاتو لەمبارەشەوە خەریکی شمشیر هەڵکێشانو تیژکردنەوەی قەمەکانیانن.

بێمەوە سەر وردەکاری پرسیارەکەتان، هەروەك خۆتان ئاماژەتان پێ کرد ئێمە چەند ڕۆژو هەفتەیە کەمپەینێکمان بۆ داکۆکی کردن لە مەریوان هەلەبجەیی ڕاگەیاندووە کە تا ئێستە جیاواز لە پەیوەست بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنیران وئازادیخوازان هەروەها زیاتر لە 15ڕێکخراوو لایەنو ئورگان پێوەی پەیوەست بوونو لەمبارەوە وەك ڕەچەشکێن دەرکەوتووینو لە ئاستیکی فراواندا لە ڕووی سیاسیو تەبلیغاتییەوە ئەم مەسەلەمان وروژاندوە تا ئیستا زۆرترین ووتارو بابەتی سایتەکانو بەشێکی بەرچاوی ڕۆژنامەکانیش ڕوویان کردوەتە بازنەی کێشەکەی مەریوان ولەسەری دەنوسنو کەسانیکی زۆر هاتوونەتە جواب. دیارە بەشیك ئەم کارانە ڕوو بەم کۆمەلگایانەیە کە تیدا دەژین، لەمبارەشەوە ئێمە وەك سەرەتای کار لەگەل چەند ڕێکخراوێکی ئینسان دۆستدا قسەوباسمان هەبووە ئەوانیش دەستیان کردوە بە لێکولینەوە بە دواچوون لەبارەی کێشەکەی مەریوانەوە کە ئەمە بە تایبەت لە لایەن ئەمنستی ئەنتەرناسیونالەوە پێشوازی یەکی باشی لێ کراوە تەنانەت پەیوەندی راستەخۆی مەریوانیشمان لەگەل ئەمنستیو چەندین ئورگانی تر ڕێکخستووە. یەکێکی تر لەکارەکان بەرێ خستنی کەمپەینێکی ماڵی فراوانە بۆ ئەوەی بەلەبەرچاو گرتنی وەزعی نالەباری مەریوانو خۆشاردنەوەی لە ئیسلامی یەکانو هەڕەشەو گوڕەشەکانی ڕۆژانەیان لایەنی کەم لە ڕووی مادیو بژیوی ژیانەوە دووچاری کێشەو گیروگرفتیکی زیاتر نەبێتەوە کە خۆشحالانە ڕووبەڕووی پێشوازیەکی زۆرباش بوتەوە. هەروەها لە لایەکی تریشەوە دەست بەکارین کە نەخشەیەکی ووردو هەمەلایەنەمان هەیە بۆ شکاندنەوەی هاوکێشەکان دژ بە هەموو ئەولایانەی کە دەیانەوێ لەژێر سایەی کتێبەکەی مەریوانەوە هەڕەشە لە ئایندەو چارەنووسی ئازادی بیروڕادەبرین بکەن!

هەروەها سەبارەت بە وەزعی مەریوان خۆشی بەڕاستی لەباروەزخیکی لە ڕادەبەدەر نائینسانی دا ژیان بەسەر دەباتو بە کردەوە لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆرو مەرگدایەو لەو ڕۆژانەوە کە ئیسلامی یەکان کەوتوونەتە هەڕەشە کردن، مەریوان خۆیو مندالو خیزانەکەی ناچار بوون بە خۆحەشاردانو بەنهینی ژیان بەسەر ببەن. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە حزبو حکومەتی یەکیەتی نەك هیچ کارێکی بۆ مسۆگەر کردنی ژیانو ئەمنیەتی مەریوان هەلەبجەی نەکردوە بەلکو بە کردەوە ڕێگەیان بۆ هەڕەشەو گوڕەشەی ئیسلامی یەکان خۆش کردوەو ئەو هێزو ئاسایشەی  کە تا دووێنی لە هەر سووچی کۆلانو شەقامێکەوە دەنگی نارەزایەتی خەلك بهاتایە لەسەر نەبوونی کارەباو بانزینو پیداویستەیەکانی ڕۆژانە ئەوان دەستیان لەسەر ماشەی تفەنگەکانیان بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەو لێدانو سوکایەتی پێکردنو گرتن وسزادانییان، ئەمڕۆ دەبینن هەر ڕۆژەی لە شارو شارۆچکەیەکەوە پارێزگاری لە خۆپیشاندانو شمشیر هەڵکێشانو هەڕەشەو گورەشەکانی ئیسلامی یەکان دەکەن دژ بە مەریوان هەلەبجەیی. تازە کار بەمەشەوە نەوەستاوەو بە دەر لە ئازادکردنی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لایەنە ئیسلامی یەکان بۆ هەرجۆرە هێرش وسووکایەتی یەك بۆ سەر مەریوان، دەبینین ودەبیستین کە چۆن ڕۆژانە لە بلندگۆی مزگەوتەکانو ڕادیۆو تەلەفزیون ورۆژنامەکانیانەوە هەست وسوزی دواکەوتوانەی خەلك بەگەڕدەخەن دژ بە مەریوان ولەگەل هەمووئەمانەشدا ئەوەتا خەریکن هەر ڕۆژەی لەشارو شاروچکەیەکدا خەلك دەخەنە سەر شەقامەکانو " خوێنی مەریوانیان پێ حەلال دەکەن ".
تەنانەت وەزارەت ودامودەزگاکانی خۆشیان بوونەتە بەشێك لەو کەمپەینەو بانگەشەی فتواو سزادانو کوشتنی مەریوان دەکەن. تەسریحاتەکانی وەزیری ئەوقاف نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستی یانەیە کە حکومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانی هیچ جۆرە لیپرسینەوەیەکی لەوبارەوە نەبووەو تا ئەو ڕادەی کە وەزیری ئەقاف نەك تەنها هەرەشە لە مەریوان بکاتو فتواکەی دووبارە بکاتەوە بەلکو بە ئاشکرا لە کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاماژە بەوە بکات کە هیچ کەسێك مافی ئازادی بیروڕادەبرینو ڕەخنەگرتنی نی یەو ناکرێ لەژێر هیچ ناوێکدا باسو خواست لەسەر " خوا، قورئان، پێغمبەر " بکرێ.

**خ.سایە: بەلام ئیسلامی یەکان دەڵێن مەریوان ئیهانەی بەموقەدەساتی ئیسلام کردووەو خەلکی کوردستانیش موسولمانن، هاوکاتیش ڕاگەیاندنی پەرلمانی کوردستان  وا دەردەخات دەسەلاتدارانیش لەگەل ئەم بۆچوونانەی ئیسلامیەکاندایە هاوڕان. ئێوە لەمبارەوە دەڵین چی؟**

ڕیبوار عارف : بەر لە هەر شتێك ئەوە لە ئیدعایەكی پوچ‌و بەتاڵ زیاتر هیچی تر نی یە، كە گوایە خەڵكی كوردستان هەموو موسلمانن، خەلكی كوردستان جیاواز لە هەر دین‌و ئانێكی تر بەشێكی بەرچاوی كەسانی ئاتیست‌و سوسیالیست‌و كۆمۆنیست‌و ئازادیخوازو عەلمانی یە كە تۆمەتی ئیسلامی بوون بۆیان بە تاوان لە قەلەم دەدرێت. دووهەم جێگەی خۆی بوو كە رۆژیك لە ڕۆژان ئیسلامی یەكان ئاماژەیان بەو سەرچاوەو ئامارانە بكردایە كەوا بەو شیوە ڕووقایمانە هەموو خەلكی كوردستان بە موسلمان لەقەلەم دەدەن. بەڕاستی دنیایەكی تاڵ‌و دەردناكە كارنامەی ئیسلامی یەكان ئەگەر سوكایەتی‌و دەست دریژی كردنی بۆ سەر مرۆڤایەتی لێ دەربكەیت چی دەمینیتەوە؟ ئەوەی ئەوان بەم ڕۆژگارە دەكەین مەگەر شتێك هەیە جیاواز لە ژێرپێ نانی ماف‌و حومەرتی ئینسان ؟ مەگەر ئەوە ئەوان نین كە بەم ڕۆژگارە سەرمەستی سەنگسار كردن‌و تیرۆرو كوشتنی ژنانن، مەگەر ئەوان نین شانازی بە جیاكردنەوەی سەر لەجەستەی هەوالنێرو جۆرنالیستەكان دەكەن، مەگەر ئەوان نین كە منالان بە گروگان دەگرن‌و بەم ڕۆژگارە سەرگەرمی تەقاندنەوەی قەتارو پاس‌و شوینە گشتی یەكان‌و كوشتن‌و لەناو بردنی كەسانی سكولارو ئاتیست‌و كۆمۆنیست‌و بووەتە پیشەی ئاساییان، ئەمانە گۆشەیەك لەكارنامەی ئەو بزوتنەوەیەیە كە ئەمڕۆ لەپال ڕاكێشانی شمشیرەكانیان خۆیان مەزلوم‌و ستەم لێكراو دەناسێنن‌و باس لە مقدەسات‌و سوكایەتی كردن دەكەن، ئەمانە قەمەكیشانی خێڵی حەمەو كابل‌و لەخۆین هەلكێشانی شەقامەكانی بەغداو فەلوجەو بەسەرەو نەجەفن. كەچی ئێستە زۆر ڕوو قایمانە باس لە حورمەت‌و مقدەساتی ئینسان دەكەن‌و بەراستی ڕۆژگارێكی تاڵە بۆبەشەریەت. ئاخر مەگەر كارێك كە مەریوان كردویەتی زیاتر لە كاری ئەو سەدان ئازادیخوازی تری كوردستان‌و جیهان كە هاتووە، گەشت‌و لێكولینەوەیەكی لەسەر میژووی ئیسلام كردوەو پشت بەستووە بە زیاتر لە 100 سەرچاوەی لە چەشنی قورئان‌و تەورات‌و ئینجیل‌و مێژوو نووس‌و لێكولەرەوانی ئیسلامی وەك بوخاری،شافعی، تەبەری،شیبانی‌و دەیان ناوی تر كە تا ئیستە ئیسلامی یەكان خۆیان سەریان بۆ نەوی دەكەن. بەلام ئێستە ئەو لیكولینەوەی مەریوان كە لە ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانەوە ئەنجام دراوە بووتە مۆتكە بۆ ئیسلامی یەكان‌و سنووری تاقەتیان بەزاندوەو تەنانەت پەردەی لەڕووی لایەنە میانەرەوەكەشیان لاداوە كە تا دوینی یەكگرتوویان وا ناوزەدكردبوو بەلام ئەمڕۆ دەبینین كەچۆن ئەو "فریشتانەی" ڕابردو لەبەرامبەر بە كتیبەكەی مەریوان دووچاری هیستریك بوون كە ئەمەش لە هەرشت زیاتر دووپاتی ئەو راستی یەی دەكاتەوە كە هەر تیۆری یەكی لە چەشنی ئیسلامی ڕەسەن‌و نارەسەن لە قسەیەكی پوچ‌و بێ مانا زیاتر هیچ شتیكی تر نییەو تەنها پارسەنگی هاوكیشەكانە كە ڕۆژگاریك لیژنەی فتوادان‌و قەمەكێشەكانیان بێ دەنگ دەكات ڕۆژگارێكی تر پێشبركێی فتوادانیانە. ئەوەی كە ئیسلامی سیاسی دەیكا لە ڕاستیدا كارەساتە، پرسیارەكە ئەوەیە كە ئایا بەڕاستی لە كوێی دنیا تائیستە دادگایی بۆ كەسانیك دانراوە كە لێكولینەوەیان لەسەر بابەتیك كردوە. بەلام ئەمرۆ ئەوان لەپشت سەركەوتنەكانی پاش لێدانی عیراق‌و مەیدان داربوونی خۆیان‌و پێ داكوتانی جمهوری ئیسلامی ئیران لە عیراق‌و هەلبژاردنی حەماس لە فەلەستین بەهانەیەكی گونجاویان دیوەتەوە كە لە سایەیدا بەرەی ئازادیخوازانی پێ بكوتن. بۆیە ئەوەی كە ئاماژەتان پێ كرد كە مەسەلەی هەلویستی پەرلەمانی كوردستانە پیش وەخت دیار بوو. پەرلەمان هەموو حزبەكان خالی هاوبەشیان لە بەرتەسك كردنەوەی ماف‌و ئازادیەكانی خەلك دا كۆدەبیتەوە ئەوان هەر پیشتر دەستووریكیان دانا كە ئەمرۆ شەرعیەت بدات بە قسەو فتواكانی مەلای مزگەوت‌و هەرەشەی حزبە سیاسی یەكان. بۆیە هەر وەك پیشتر ووتم بەكردەوە ئەوان بوونەتە بەشیك لەم كەمپەینە دژ بە مەریوان هەلەبجەیی‌و مەریوان ئیستە هەر لە ژیر سایەی ئەو پەرلەمان‌و دەستەلاتەدا ناچار بە خۆشاردنەوە بووە.

**خ.سایە: خوتان دەزانن مەریوان هەلبجەیی چەند مانگ لەمەوبەر كیتێبەكەی بلاوكردۆتەوە، بەلام ئیسلامەیەكان ئیستا ئەم كەیسەیان بەدەستەوە گرتووە.. ئایا ئەمە پەیوەندیك لەگەل هێرشەكانی ئیسلامی سیاسی بۆسەر ئازادی بیروراو دنیای مەدەنیەت وئەو فەتوایانەی كە بەدوای بلاوبوونەوەی وینە كارتۆنیەكانی محمد لەیەكیك لە بلاوكراوەكانی دانیماركدا، هاتۆتەكایەوە پیك ناهێنێ؟**

ریبوار عارف : كاریگەری‌و پەیوەندی ڕووداوەكانی دانیمارك لەسەر ئەم هیرشانەی ئیسلامی یەكان بۆ سەر مەریوان هەلەبجەیی هەموو پیكەوە زنجیرەیەك مانۆری سیاسی‌و خولقاندن‌و زەمینە سازی یە بۆ هێرش كردنە سەر ماف‌و ئازادیەكانی خەلك‌و پاشەكشە كردن بە دەستەكەوت‌و پیشرەویەكانی تا ئێستەی مرۆڤایەتی. ئیسلامی یەكان دەیانەویت لەلایەكەوە جێگەو پێگەی خۆیان لە جیهاندا بەبەهانەی كێشانی كاریكاتیرەكانی محمد پیغمبەری ئیسلامی یەوە بەهیز تر بكەن و لەلایەكی تریشەوە هێرش دەكەنە سەر ئازادی بیروڕادەبرین وبەیان وڕەخنەگرتن.

ئەوان هەمییشە سەیری هاوكیشە سیاسی یەكانیان كردوە بۆ ئاراستەكردنی سیاسەتەكانی خۆیان‌و فرسەتەكانیان قۆزتووەتەوەو زۆرجار هەبوو لە زەمەنیكدا كەسیك كتیبیكی دەركردوە بەلام پاش چارەكە سەدەیەك فتوایان داوەو دادگایان بۆ داناوە، بۆ ئەوان مەسەلەی سەرەكی تەنها سزادان‌و فتوای ئەم‌و ئەو نی یە بە ئەندازەی ئەوەی كە چون‌و چی بكەنە دەستمایەی خۆیان بۆ پاشەكشە پێ كردنی ئازادی بەیان‌و رادەبرین. بۆیە ئەمرۆ ئەوان دەیانەوێ بەباشترین شیوە دوو هەلقە كە یەك ئامانجی هەیە لە زەمەنیكدا پیكەوە گرێ بدەنەوە.

جیگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بلێین كە ئەم شەڕە لەنیوان هەر دوو بەرەكەدا زۆر چارەنووسازەو هەرەشەكانی ئەمڕۆژانەی ئیسلامی یەكان‌و سەركەوتنیان دەتوانی بۆ مودەت زمەنێكی دورودریژ پاشەكشە بەسەنگەرو بەرەی ئازادیخوازی بكات. ئەمە بە كردەوە هەنگاوێكی زۆر مەترسیداری بەدوادێ‌و ئایندەی بەشەریەت زۆر تاریك‌و تونتر دەكا. ئەوان ئەمرۆ لەم جێگەیەدان مەسەلەی دانیماركیان كردوەتە بەهانەیەك كە لەپشت پۆستی دەستەلات‌و وەزارەتەكانی ئەم حكومەتەی یەكیەتی نیشتمانی یەوە بە ئاشكرا دەلین كە هیچ كەس ولایەنیك مافی نی یە بە هیچ جۆریك سوونەرەكانی خۆیان ببەزینن‌و هیچ قسەیەك لە سەر پیرۆزو سنوور بەزاندنی (خواو قورئان ومحمد) نی یە. ئەمە قسەی بن لادن‌و زەرقاوی‌و مەلا كریكارو مەلا عمر نی یە، ئەمە پێ داگرتنی وەزیری ئەوقافی یەكیەتی نیشتمانی كوردستانە. وای بێ حالی ئەو كەسەی كە لە پاش سەركەوتنی ئیسلامی یەكانەوە دەم لە ئازادی بەیان‌و بیروباوەرو رەخنەگرتن دەكات. هەقیقەت ئەوەیە كە بەهەرادەیەك كە ئیسلامی سیاسی لەم شەرو كیشمەكیشەدا پیشرەوی بكات، ئایندەی بەشەریەت‌و بەرەی رادیكال‌و ئازادیخوازو عەلمانی مەترسی دارترو ئەسپی ئەوان سوار تر بدەبێ. تێكشكانی ئەم جەبهەیە كاری بەرەی ئازادیخوازانەو نابێ ئیجازە بەم قەمە بەدەستانە بدرێ كە لەسایەی پیرۆزیەكانی ئیسلامی دا مرۆڤایەتی بۆ چەند سەدەی رابردو بگەرینەوە. بۆیە لێرەدا

جێگەی خۆیەتی کە ڕووبکەینە هەموو ڕۆشنبیرانو نووسەرانو ئازادیخوازان وحزب ولایەنێك کە بەهەر ئەندازەیەك خۆیان لە بەرەی ئازادیخوازان وسکۆلار وعەلمانییەتدا دەبینەوە کە بێ دەنگ نەبن لەبەرامبەر ئەم ڕووداوانەو بۆ تیکشاکانی پیلانەکانی ئیسلامی یەکان هەرەشەو فتوای شمشیر دەرهینانەکانیان بێ وەلام نەهیلینەوە، ئەوان ئەمڕۆ مەریوان هەلەبجەیی یان کردوە بە بەهانەیەك بۆ هیرش کردنە سەر هەموو مافو ئازادیەکانی ئیمە بەرەی ئازادیخوازان بۆیە دەبێ ئاراستەی ئەم شەرە بەشوینێکدا بەرین کە ئاسان نەبێ جاریکی تر ئیسلامی سیاسی بیر لە پاشەکشەکردنو هەلویستگرتنی لەو چەشنە بکاتەوە دژ بە ئازادی بیروڕادەبرین وئازادی بەیانو ڕەخنەگرتن.